




1 - به زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت tie به کار دێت بۆ بەستنەوەی دوو نۆتە یەن زیاتر کە هەنان چینە دەنگیان هەبێت. کاتی نۆتەکە درێژ دەکاتەوە. هەر چەند بتەوێ واتە مەرج نییە تەنها دوو نۆتە بە یەکدی ببەستێتەوە بەڵکو دەتوابی چەندی بتەوێ کاتی بوتەکە درێژ بکەیتەوە. دەبێت ئاگادار بیت کە لەگەڵ( Slur سلەر یان لێگاتۆ) تێکەڵ بە یەکدی نەکەی. وە بەوە جیادەکرێتەوە کە tie نۆتەی هاوچین دەبەستێتەوە بەڵام ( Slur سلەر یان لێگاتۆ) نۆتەی چین جیاواز ( Slur سلەر یان لێگاتۆ) بۆ نەرم نیساندان و ژەنینی نۆتەیە بەڵام Tie بۆ درێژ کردنەوەی کاتی نۆتەیە.

2 - ( Slur سلەر یان لێگاتۆ)



پێی دەوترێت ( Slur سلەر یان لێگاتۆ) جیاوازیەکەی لەگەڵ Tie ئەوەیە کە هێڵی ( Slur) نۆتەی چین جیاواز بە یەکدی دەگەیەنێت و هێمایە بۆ نەرم ژەنین ژەنیار دەبێت نۆتەکان بە نەرمی و بە بێ پچران بژەبێت نابێت پچران لە نێوان نۆتەکان هەستی پێ بکرێت.


3 - 8va Octave Up




8va واتە ئۆکتافێک بەرزتر لە سەر هەر نۆتەیەک نوسرابێت. دەبێت نۆتەکان ئۆکتافێک بەرزتر لە چینی نوسراویان بژەنرێن. هە میشە لەو حالەتانە بە کاردێت کە نۆتەکان دەکەونە هێڵە یاریدەدەرەکان و چینەکانیان بەرزبێت و خوێندنەوەیان قورس بێت. دانەر لەو حاڵەتەدا لە پێناو ئاسان

خوێندنەوەی نۆتەکان ئۆکتافێک نزمتر نۆتەکان دەنۆسێت و هێمای 8va------------ لە سەر دەنوسێت کە ئاماژەیە بۆ ژەنینی نۆتەکانی ژێری لە ئۆکتافێک بەرزتری چینی نوسراوی خۆیان


4- 8vb------------



8vb------------

واتە ئۆکتافێک نزمتر لە ژێر هەر نۆتەیەک نوسرابێت. دەبێت نۆتەکان ئۆکتافێک نزمتر لە چینی نوسراوی خۆیان بژەنرێن. هە میشە لەو حالەتانە بە کاردێت کە نۆتەکان دەکەونە هێلە یاریدەدەرەکان و چینەکانیان زۆر نزم بێت و خوێندنەوەیان قورس بێت. ئاسان نەژمێردرێن دانەر لەو حاڵەتەدا لە پێناو ئاسان خوێندنەوەی نۆتەکان ئۆکتافێک بەرزتر نۆتەکان دەنۆسێت و هێمای واتە ئۆکتافێک بەرزتر لە سەر هەر نۆتەیەک نوسرابێت. دەبێت نۆتەکان ئۆکتافێک بەرزتر لە چینی نوسراویان بژەنرێن. هە میشە لەو حالەتانە بە کاردێت کە نۆتەکان دەکەونە هێلە یاریدەدەرەکان و چینەکانیان بەرزبێت و خوێندنەوەیان قورس بێت. دانەر لەو حاڵەتەدا لە پێناو ئاسان خوێندنەوەی نۆتەکان ئۆکتافێک نزمتر نۆتەکان دەنۆسێت و هێمای 8vb------------ یان لە ژێر دەنوسێت کە ئاماژەیە بۆ ژەنینی نۆتەکانی سەری ئۆکتافێک بەرزتر لە چینی نوسراوی خۆیان.

5- هێمای دووبارە




پێی دەوتیێت هێمای دووبارە بوونەوە، کە بە شێوەی دوو هێڵە و دوو خاڵ لە تەنیشتییەتی. ئاماژەیە بۆ دووبارە ژەنینەوەی ئەو نۆتانەی کە کەوتۆتە نێوانیان. هەر کاتێک لە نۆتەی بەردەممان بەدی کرا دەبێت لە هێمای


دووەمەوە بۆ هێمای یەکەم بگەڕێینەوە نۆتەکانی نێوانیان جارێکی دیکە بژەنینەوە. ئەم هێمایە یارمەتی موزیکدانەر دەدات بۆ ئەوەی نۆتەکان دووبارە جارێکی دیکە نەنۆسێتەوە.

6 - ستاکاتۆ : Staccato یان کورتکراوەکەی Stac: ئەگەر هاتوو خاڵێک لە سەر یان لە ژێر نۆتە هەبوو پێی دەوترێت نۆتەی ستاکاتۆ. دەبێت نۆتەکان کورت بژەبرێت بە شێوەیەک پچرانێک دەکەوێتە نێوانیان و نۆتەکان وەک نیوەی کاتی خۆیان دەکەونە بەرگوێ بۆ نموونە ئەگەر خاڵەکە لە ژێر نۆتەیەکی نوار دانرابوو ئەوە نۆتەکە وەک کرۆش دەبیسترێت. وەک لەم نمونەی خوارەوە پیشان دراوە.



7 - ئەکسێنت: Accent بە شێوەی خاڵێکی مێخییە لە سەر یان لە ژێر نۆتە دادەنرێت. وا لە نۆتە دەکات وەک نۆتەیاکی بە هێز دەردەکەوێت. ئەگەر لە سەر یان لە ژێر نۆتەکان یان نۆتەیەک بەدی کرا. دەبێت هێزێک بخەینە سەر نۆتەکان و بە هێز بیان ژەنین. وەک لەم نمونەی خوارەوە پیشان دراوە.



8 - 

پێی دە وترێت کرۆنە یان فێرماتە (Fermata or crrona) دەکرێت لە سەر یان لە ژێر نۆتە دابنرێت بە زۆری لە کۆتایی پارچەکان بەدی دەکرێت. لە سەر یان لە ژێر هەر نۆتەیەک بەدی کرا کاتی نۆتەکە لە کاتی ئاسایی خۆی درێژ تر دەکرێتەوە. بە جۆرێک جارەکەک یان نیو هێندەی کاتی خۆی دێتە سەر.